# کەمپین بۆ بەرگری لە ئازادی وپژدان و ئازادی ڕۆژنامەنوسی لە کوردستان

## - بەڕێز پەرلەمانی کوردستان!
## - بەڕێز حوکمەتی هەرێمی کورستان!

**خوشك و برایانی بەڕێز!**

**ساڵێك ئەبێ ڕۆژنامە گرنگەکانی دنیا، لەبارەی لەرزۆك بونی ئازادی ویژدان و ئازادی ڕۆژنامەنوسی لە کوردستان، ترس دەربئەبڕن.**

**گرتنی د. کەمالی سەید قادر بەوشێوەیەی دیمان، پەلاماردانی بارەگای ئەم حیزب و ئەو حیزب، رەفتاری پێشمەرگە لە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران لە کوردستان ، دادگایی کردن و حوکم دانی سەرنوسەری هەردوو هەفتەنامەی ئازاد: هاوڵاتی و ئاوێنە، گرتن و ئازاردانی ژمارەیەك ڕۆژنامەنوسی ڕۆژنامە ئەهلییەکانی کوردستان و پشت بەستن بە یاسا کۆنەکانی بەعس، ترس و دڵەڕاوکەیان لەلای چاودێرانی بیانی و کوردی نیشتەنی دەرەوەی وڵات دروستکردوە.**

**درێژەکێشانی ئەم هەلومەرجە، هەم ڕوی حیزبە گەورەکان و حوکمەتی هەرێمی کوردستان ناشیرین ئەکا، هەم مەترسی بۆ سەر ئیدارەی کوردی زیاد ئەکا.**

**ئێمە، ئەو کەس و ڕێکحراوانەی لە خوارەوە ناومان نوسراوە، لە ڕوانگەی دڵسۆزیمانەوە بۆ خەڵکی کوردستان و تاقیکردنەوەی حوکمەتی هەرێم و، لەپێناو هێنانەوەی ڕەوڕەوەی گۆڕانی کۆمەڵی کوردستان بۆسەر سکەی دروستی خۆی، داواتان لێ ئەکەین:**

**1–یاسایەکی هاوچەرخ بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژنامەوانی دابنێن. بە گوێرەی ئەو یاسایە ڕێگە لە گرتن و ڕاوەدوو نانی ڕۆژنامەنوسان بگرن.**

**2– کۆت و پێوەندەکانی دەستی ڕۆژنامە نوس و ژیانی ڕۆژنامەوانی هەڵگرن.**

**3– هەموو ئەو مادانەی لە یاسای سزادانی ئێراقی سەردەمی بەعس دا، دەست و قاچی ڕۆژنامەنوسانی کوردستانیان شەتەك داوە و تا ئێستا لە کوردستان کاریان پێ ئەکرێ، ئیلغا بکەن.**

**4– دەستەواژەی (ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی نیشتمانی) لەسەر بەرهەمی هزر و بیری نوسەران و بیرمەندان لابەرن. لە باتی دا سیستمێکی کۆدی، بۆ ناسینەوە و دۆزینەوەی کتێب و بەرهەمی چاپکراو، دابنێن.**

**5– وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان کاری بەسەر بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن نەبێت . کوردستان لە باتی وەزارەتێ بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕۆشنبیری، پێویستی بە شلکردنی جڵەوی ئازادی نوسین و ئازادی بیرکردنەوە هەیە، تا ئەوپەڕی سنوری ئازادی بیرکردنەوە.**

**6– وازبێنن لە، لەقاڵبدانی ڕۆژنامەنوسان لە چوارچێوەی قاڵبی تەسکی حیزبایەتی دا، بە ناوی سەندیکا یان یەکێتی ڕۆژنامەنوسانەوە. وازبێنن با ڕۆژنامەنوسان خۆیان بە ئازادی، یەکێتی و سەندیکا بۆ خۆیان پێك بهێنن.**

**دەستی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی واڵاکەن، تا ژیانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی دیموکراتی و هاوچەرخ ڕێکبخەن.**

بەبێ بەدیهاتنی ئەوانەی سەرەوە، لەدایکبونی کۆمەڵی مەدەنی  لە قسەی روت بەولاوە شتێکی تر نابێ.

هیوادارین گوشاری رۆژنامە بەناوبانگەکانی دنیاو، بێزاری کوردستانییانی نیشتەنی هەر پێنج کیشوەرەکەی دنیا، لەدەست بەرتەسککردنەوەی ئازادی رۆژنامەنوسی لە کوردستان، بەهەند وەرگرن.

هەر بەرێزێك سەرنجی هەیە , یان دەیەوێت ناوی بخەینە سەر  لیستەکە , لە رێگەی ئەم  ئیمەیلەوە  پەیوەندی بکات :

alimm@wanadoo.nl

تاکو  بەرواری 10-6-2006  کەمپینەکە  بەردەوام دەبێت .

<u>ناوەکان:</u>

| | | |
|---|---|---|
| <u>1- کوردستان نێت .</u> | | |
| 2. مەحمود رەزا ئەمین | نوسەر و رۆژنامەنوس | هۆلاند |
| 3-عەلی مەحمود محەمەد | چالاکی بواری مافی مرۆڤ | هۆلاند |
| 4. سەردار عەبدولکەریم عەبدوللا | نوسەر و رۆژنامەنوس | هۆلاند |
| 5- قادر نادر | نوسەر و رۆژنامەنووس | سوید |
| 6- سالار سۆڤی | چالاکی بواری مافی مرۆڤ و کۆمەلگای مەدەنی | فینلاند |
| 6- دلێر محەمەد عەلی | چالاکی بواری مافی مرۆڤ | دانمارك |
| 7- روناك عوسمان شوانی | هەڵسوراوی مافی مرۆڤ و مافی ژنان | سوید |
| 8- عومەر محەمەد | سەرنووسەری ئەنفالستان | سلێمانی |
| 9- کازیوە ساڵەح | نووسەر و هەڵسوراوی ژنان | کەنەدا |
| 10-کوردڤێب. ئۆرگ | www.kurdwe.org | هۆڵەند |
| 11- بەستەری ی ن ک | www.puks.org | هۆڵەند |
| 12- شاخەوان ساڵەح میرزا | Network System Administrator | هۆڵەند |
| 13- کەریم مارەسێن | رۆژنامەوان و ماڵپەری رێنانس | هۆڵەند |
| 14-سەلاح گەرمیان | نووسەر و چالاکی بواری مافی مرۆڤ | ئوستراليا |
| 15-عەباس شوان | نووسەر | فینلەند |
| 16-شاخەوان شۆرش | یاساناس و نووسەر | دانمارك |
| 17-کارمەند بەکر | نووسەر و رۆژنامەنووس | سلێمانی |
| 18- خالید عەزیزی | | ئوستراليا |
| 19- گۆران هەڵەبجەیی | نووسەر و رۆژنامەنووس | دانمارك |

| | | |
|---|---|---|
| 20-چیمەن ساڵەح | نووسەر و ڕۆژنامەنووس | هەولێر |
| 21-کوردستان ئۆنلاین | سایتی ئەنتەرنێت | کوردستان |
| 22- نامیق عەبدوڵلە | | سلێمانی |
| 23- ئاریز دەرەپوری | ڕۆژنامەوان | ئەڵمانیا |
| 24- خەلیل عەزالی | نووسەر و چالاکی سیاسی | هۆڵەند |
| 25-سایتی هەڵوێست | سایتی خەبەری سیاسی | |
| 26-د.تاهیر ئەردەڵان | چالاکی سیاسی | |
| 27-فایەق بەهمەنی | چالاکی سیاسی | |
| 28- محەمەد بەرزی | ئەندازیار | سلێمانی |
| 29-سەردار فەتاح | قوتابی زانستی ڕامیاری | هۆڵەند |
| 30-فائیزە خەتاب | پزیشك | هۆڵەند |
| 31- هێمن عومەر ساڵەح | نووسەر و توێژەوەری باری کۆمەلایەتی | هەولێر |
| 32-ئەسکەندەر جەلال | نووسەر | سوید |
| 33-ئامینە کاکە باوە | چالاکانی سیاسی و هەڵسوڕاوی ژنان | سوید |
| 34-ڕێژین ئیبراهیم | ڕۆژنامەنووس | سلێمانی |
| 35- فەرەیدون حەمەڕەشید | ڕۆژنامەنووس | سویسرا |
| 36- | www.arankur.com | |
| 37-سلام عەبدوڵلە یونس | نووسەر | بەریتانیا |
| 38-شەماڵ مستەفا | قوتابی | کەنەدا |
| 39-خالە حەمە | شاعیر , شێوەکار , نووسەر | دانمارك |
| 40-د.کەماڵ سەید قادر | نووسەر و یاساناس | نەمسا |
| 41- خاك نێت | khak.net | |
| 42-مەریوان نەقشبەندی | نووسەر | هەولێر |
| 43-کارزان حەمید حەسەن | ڕۆژنامەنووس پەیامنێری ڕێگای کوردستان | کەرکووك |